

کەژاڵ حەمەنەزیم

**ئەی یار**

ئەزانم......
تا تاڵەکانی سەرت سپیتر بن
دڵت ناسکتر ئەبێتەوە
بۆیە هەردەم ناسکتر ئەنووسم
ئەی یـــــــــــــــــــار......

***

ئەو عەیامەی تۆی دەپەرست و
خەڵکی پێیان دەگوت ژنە خوا نەناسە)کە
داوەری دنیای دەکردوو خاکەڕایی تۆ
ئەوە .....من.....بـــــــــــــووم....

***

تۆ چەن فرە ڕەنگی ئەی یار...
تاوێک نیان نیان دەست بە ئاوریشمی پرچمدا دێنی
لە باخی سێوە سورەی دڵ پشویەکی درێژ ئەدەی
تاوێکیتر وەک یەزدان نەناسێک
چڵ چڵ هەست و ووشەم ئەشکێنیتەوە!!